ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی کڕینی کەلو پەلی بەندیخانەی مەحەتە

ڕەهێڵ ڕشید

لە ڕێکەوتی 2006/8/9 لە سایتی کوردستان پۆستدا بابەتێك لە ژێر ناونیشانی (نەرمین حمە خوازیارە ببێت بە بەڕێوەبەری گشتی.....) گوایە لە ڕیگای منەوە نەرمین خان کەلو پەلی خراپی بردۆتە بەندیخانەی محەتە

ئەم قسە پڕو پووچانە لایەن کوردێکی ترسنۆکەوە نووسراوە نەك (دڵسۆز) من پێی دەڵێم خاوەن بەڵگەی دروست لە کەس ناترسێتو زۆر بە جورئەتەوە دەتوانێت پارێزگاری لە خۆی بکات ئەگەر لە ناڕاستی بەڵگەکان دڵنیا نەبوویتایە بۆ دەسەلاتە ئیدارییەکەت بەکارنەهێنا بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان.

ترسنۆکی (بێناو) کە ناوەکەی لە لای من زۆر ئاشکرایە دەزانم ئامانجی چییە لە نووسینی ئەم قسە پڕو پووچانە، بەلاّم بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان من ئەم زانیاریانە دەخەمە بەر چاو.

کاتێك ئەو بڕە پارەیە لەسەر میزانیەی وەزارەتی مافی مرۆڤ تەرخانکرا بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی بەندیخانەی مەحەتە، وەك دیارییەك لە وەزارەتی مافی مرۆڤەوە بەخشرا بە بەندیخانەی مەحەتە پێش ئەوەی بڕە پارەکە تەرخان بکرێت تەواوی کەلو پەلە پێویستەکان لە لایەن ئیدارەی بەندیخانەی مەحەتەوە ئامادەکرابوونو نرخەکانیشیان بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ لە تەنیشت کەلو پەلەکاندا دیاری کردبوو وەزارەتی مافی مرۆڤیش لەسەر ئەو داواکارییانە چەند عەرزێکی وەرگرت بە هەمان ئەو مواصەفاتانەی کە ئیدارەی بەندیخانە داوای کردبوو، لە ئەنجامدا پێشانگای کەلو پەلی جیهان کە سەر بە شەریکەی سەدەفە کەمترین نرخی پێشکەش کرد دوای ئەوەی بەڕێز (د. محمد أحسان) ڕەزامەندی دەربڕی کە دار ئەساسی جیهان کەلو پەلەکان ئامادە بکات بەلاّم داوای لە نەرمین خان کرد کە دەبێت کەلو پەلەکان بە پێی مواصفات بنو وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆی هەیە ئەو کەلو پەلانەی کە بەدڵی نەبێت بیانگۆڕێتو هەر ئەو کاتەش نەرمین خان بە ئامادەبوونی من، خاوەنی دار ئەساسی جیهانی بانگ کردو تەواوی ئەو مەرجانەی پێووت کە دەبێت پابەند پێت پێوە.

هەر لەسەر فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران داوامان لە بەندیخانەی مەحەتە کرد کە نوێنەریان دەست نیشان بکەن بۆ ئەو لێژنە، بەندیخانەی مەحەتە عەقید مستەفای دانا کاتێك عەقید مستەفا دانرا من لەو کاتەدا سەفەری وولاّتی میصرم کرد بۆ بەشداری کردن لە کۆرسێك لە جیاتی من فەرمانبەر

(کهی أمجد) دانرا، لەسەر گوفتاری (کاك کهی أمجد) عەقید مستەفاو نەرمین خانو ئەوو شوفێری هەردووکیان ڕۆشتبوونە دار ئەساسی جیهان کە کەلو پەلەکانی ئامادە کردبوو بۆ بینینی نەرمین خان داوای لە عەقید مستەفا کردووە کە دەتوانێت تەواوی کەلوپەلی ئۆفیسی ئیدارەی مەحەتە لە قەنەفەو کورسیو مێزو مەکتەبە دەست نیشان بکات لەگەڵ هەموو پێداویستییەکانی دیکەی وەك سەلاجەو تەلەفزیۆنو کامیرای ڤیدیۆو کەوانتەرو تەباخو و کتێبخانەو دۆلاٚبی ئۆفیسو کوورسیو کوورسی کۆبوونەوەوەو..... تەنانەت جلو بەرگی بەندییەکان کە ئەو کاتە عەقید مستەفا ووتبووی دەبێت ڕەنگەکەی پرتەقالٚی بێت کە نموونەی جلەکان سەیر کرابوو نەرمین خان ووتبووی "کە پرتەقالٚیەکە زیاتر لە ڕەنگی جلی ئیعدام دەچێتو ئەعصاب ماندوو ئەکات ڕەنگی شین بێت باشترە" بەلاٚم ئەو ووتبووی کە پرتەقالٚییەکە لە ئەلٚمانیاش پەیڕەو ئەکرێت. هەرچەندە دوای ئامادەکردنی (ژمارەی تەواوی جلو بەرگەکان بە ڕەنگی پرتەقالٚی ئیدارەی سجن داوای کرد بگۆڕێت بۆ ڕەنگی شینو هەموو جلەکان کران بە ڕەنگی شین)، لە هەمان کاتدا عەقید مستەفا کامیرای ڤیدیۆکەشی تاقی کردۆتەوەو تەنانەت قیاسی زوومەکەشی بە مواصفات بووە ووتوویەتی "کامیرای زۆر باشنو لە کاتی سەفەرەکەم بۆ ئەلٚمانیا یەکێکم لەو کامیرانە پێبووە"هەرچی قەرەوێلٚەکانیشە نەرمین خان تەئیکیدی کردەوە کە دووقاتی ئەلەمنیۆم بن چونکە شکلیان مۆدرێنە عەقید مستەفا هیچ گلەیی نەبووە، لەبەر ئەوەی کەلو پەلەکان زۆر زۆر بوون ڕۆژانە بەیانینو نیوەڕۆ بە وەجبە تەسلیمی بەندیخانە کراونو یەکسەر لە جیهانەوە بۆ بەندیخانەی مەحەتە تەنانەت ڕۆژی هەینیش کهی أمجد دەلێت وەجبەم بردوە چونکە دوای تەواو بوونی تەعمیراتی بینایەی بەندیخانەی مەحەتە بەڕێز د. محمد أحسان داوای کرددوە کە بە زووترین کات کەلو پەلەکان ئامادە بکرێن هەروەك من چۆم سەفەرم کردبوو عەقید مستەفاش لە ماوەیەکدا لە ئامادەکردنی کەلو پەلەکاندا سەفەری کردبوو، هەروەها لە کاتی دانانی کەلو پەلەکانیشدا نەرمین خانیش سەفەری کردبوو بەلاٚم ئەمە ڕێگەناگرێتن لە دانانی کەلو پەلەکانداو لە جیاتی عقید مستەفا کاك خەسرەو لە ئیدارە بووە

پاش ئیستلام کردنی کەلو پەلەکان نەرمین خان (کارزان)ی خاوەن دار ئەساسی جیهانی بانگ کرددوە کە ئەو دەمپەڕەی ئامادەی کردوە بە کەلٚك نایەتو دەبێت بیگۆڕێت تەواوی تەنسیق لەگەڵ ئیدارەی مەحەتە بکات بۆ تەنفیزی داواکارییەکانیان. سەبارەت بە قەرەوێلٚەکانیش کە لە جۆری دوو قاتی ئەلەمنیۆمی 7.50 کغم بووینە تەنها کێشە ئەوەندە بووە کە ئەم قەرەوێلانە دەبێت پارچەکانی سەری لەحیم بکرێن نەوەك بەندییەکان لەهەندێك حالٚتدا دا پەنای بەرنە بەرو بۆ شەڕ بەکاری بهێنن. لەسەر داواکاری لیژنە داوا لە کارزان کرا کە بڕی 2000 دۆلار لە پارەکەی لە وەزارەت وەلا دەنرێت تا کەمو کوڕییەکان چارەسەر دەکرێتو بۆ ئاگاداری هیچ بڕە پارەیەك تەسلیم بە (کارزان)نەکراوە تا تەواوی کەلو یەلەکانی

پارەکەش هەمووی لە قاسەی وەزارەتدا بووەو بە هیچ شێوەیەك لیژنە عەلاقەی بە صرفی پارەوە نەبووە. ئەو 2000 دوو هەزار دۆلارەش لای ڕاوێژکاری وەزیر مابووەوە کە ئەرکی بەدواداچوونی کەلو پەلەکانی پێدرابوو لە لایەن وەزیرەوە تا چەند ڕۆژێك پێش دەست گوستنەوەی لە وەزارەتو پارەکەی تەسلیم بە کارزان کرد دوای ئەوەی کە تعهدی لێوەرگرت کە ئەگەر ئیدارەو کاك مستەفا گلەییان هەبێت ئەو مولزەمە کەمو کورتی چارەسەر بکاتو ئەویش ڕازی بوو لە هەمان کاتیشدا پەیوەندی بە (عەقید مستەفا)وە کردو ئەویش ووتی هیچ کەمو کورتی نییە.

سەرەڕای ئەوەش چەندەها ڕاپۆرتی صحفی لەسەر بەندیخانەی مەحەتە کراوەو هەموو ئاماژە بەوە دەکەن کە بەندیخانەکە لە ڕووی پێداویستییەوە کەمو کورتی نییەو لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێز وەزیری مافی مرۆڤی ئێستا (د.یوسف) سەردانی بەندیخانەی مەحەتەی کردووە بۆ ئیدارەی بەندیخانەو عەپید مستەفا گلەییان نەبووە، ئێستاش عەقید مستەفا دەڵێت کەس بۆی نییە بە ناوی منەوە قسە بکات.

بەرپرسی کۆگا کە بێناوی ترسنۆك بە خاوەن ویژدان لە قەلەمی دەدات ئەم خاوەن ویژدانە ئەو کاتە بە هیچ شێوەیەك بەرپرسی مەخزەن نەبووە، ئیتر بێناوی ترسنۆك بۆ چی پێش ئێستا ئەم مەسەلەیەی نەوروژاند بۆ ئەوەی تۆمەتی دەرهێنانی نووسراوە ڕەسمییەکان بخاتە ئەستۆی ئیدارەی تازەی وەزارەتەوە چونکە ئەگەر منو نەرمین خان زەڕیەك شکمان لە خۆمان یوایە تەواوی دەسەلاتی ئیداری بە دەست نەرمین خانەوە بوو دەمانتوانی زۆر شت بکەین بەلاّم ئێمە زۆر دڵنیاین لە خۆمان، لە تۆمەت خستنە پالی ترسنۆکێکی وەك تۆ نەدەترساین. تۆ چاك دەزانیت کە نووسراوە شەخصیەکانی تۆش هەر لە ژێر دەستی مندا بوونو گەر ئێمەش وەك تۆ نەفس نزم بووینایە دەمانتوانی لەکەدارت بکەین.

بەلاّم ئەمە ئەخلاقی ئێمە نییەو دووبارەی دەکەمەوە گەر زەڕەڕەیەك غیرەتت هەبایە ناوی خۆت دەنووسی.